# دوو هۆنراوە بۆ فریشتە

کامەران(کاوە)زەنگەنە
سلێمانی 1977

فریشتەکە
تۆ ئەزانی کاتێ دەمی خونچەی هیوا
بەخەندەو پێکەنین پژا!
ڕازو نیاز لەسەر لێوت
وەک پەپوولەی سەر گوڵەکان
کە هەڵفڕا!
لەناو دڵدا!
لەناو هەموو دەمارەکانی لەشدا
خۆشەویستیت تۆمار کرا!
<> <> <> <>

فریشتەکە
تۆ ئەزانی خۆشەویستیم
بۆ تۆی نازدار
وەکو بەهار!
وەکو خونچەی تازە دەرچوو
ناسک وگەش و بێ خەوش بوو!
وەک و ژینی کۆرپەی ساوا
بەبێ گەردوو گۆشەنگ گیر بوو!